هێشیار زێباری: هێرشە درێنییەکان هاوکاتن لەگەڵ پیادەکردنی سیاسەتی برسیکردنی هەرێمی کوردستان

ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی پارتی ئاماژە بەوە دەکات، هێرشی درێنی بۆ سەر کێگەی نەوتییەکان و فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان، دەستدرێژییەکی ئاشکرایە لە لایەن هێزە نادەوڵەتییەکانەوە.

سێشەممە، 15ـی تەممووزی 2025، هێشیار زێباری، ئەندامی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تێی کۆمەڵایەتی (ئێکس) گوتوویەتی، گرووپە چەکدارەکانی وەلائییەکان ماوەی چەند ڕۆژێکە هێرشی درێنی دەکەنە سەر کێگەکان و دامەزراوەکانی نەوتییەکان و هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی و زیانی ماددیان پێ گەیاندوون.

هێشیار زێباری ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو هێرشانە هاوکاتن لەگەڵ بڵیارەکانی بڕینی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و پیادەکردنی سیاسیەتی برسیکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە، کە ئەمەش دوژمنکاری و دەستدرێژییەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە لایەن هێزە نادەوڵەتییەکانەوە.